

# بۆچی شیعری ئافرەتان کەمتر دەکرێت بە گۆرانی

■ هەمیشـــە تێکستی شـــیعری پیاوان بەشـــێوەیەکی زیاتر لە تێکســـتەکانی ئافرەتان لە گۆرانییەکاندا بەکارهاتووە و زۆر دەگمەن دەبینرێ کە شـــیعری ئافرەت بکرێت بە گۆرانی و ئەگەر هەشـــبێت ئەوا وەك پێویســـت نییە و زیاتر تێکســـتی نیشـــتمانپەروەری بووە یان باســـی لە سروشت کردووە، زۆریش بە کەمی باسی لە دەربڕینی خۆشەویستی کچێك بۆ کوڕێك کردووە، تێکستی شـــیعری پیاوان کە بۆ گۆرانی شـــیاوە زیاتر باسی فیزیکی جوانی دەکات وەکوو جەستە، بۆیە لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە : ئایا ئافرەت چۆن ئەتوانێت ئەو جوانییە لە شـــیعردا بەرجەســـتە بکات کە بۆ گۆرانیش لە زمانێکی ئافرەتانەی شیعردا شیاو بێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە چەند ئافرەتێکی شاعیر بەو شێوەیە بۆ گوڵان هاتنە ئاخاوتن.■

**سەرەتا حەیات مەجید پەرخی بەمشێوەیە وەڵامی ئەم پرســـیارەی دایەوە:** بە ڕای من بۆ باڵادەستی پیـــاو دەگەڕێتەوە لە فەزای ئـــەدەب و هونەردا، بەجۆرێك زۆربەی زۆری ئەو شیعرانەی کە کراون بـــە گۆرانی لەلایەن پیاوەوە نووســـراوە و دیســـان لەلایەن پیاوەوە کراون بە گۆرانی.

ســـەرەڕای ئەمـــەش خاتوو حەیـــات مەجیدی پەرخیی شـــاعیر پێیوایە لەم دە ســـاڵەی دواییدا دەرکەوتنێکـــی تا رادەیەك باش بـــۆ مێینە هەبووە و دەڵێ:کۆمەڵێـــك دەنگی جیاواز دەرکەوتن بۆ کار کـــردن لە بواری هونەریدا بـــە فۆڕمی جیاوازەوە، ئەمەش تا رادەیەك زۆر جێگای خۆشحاڵیە، بەڵام بەداخـــەوە زۆربەی ئەو ئافرەتـــە گۆرانیبێژانەیش شـــیعری پیاو دەکەنە گۆرانی و جارێکی تریـــش بەداخەوە بـــۆ نەبوونی یاخود کەم بوونی شیعری گۆرانی ئافرەت بە قەڵەمی ئافرەت، لە کاتێکدا زۆربەی ئافرەتە شاعیرەکان بە زمانێکی پیاوانە دەنووســـن هۆکارێکی ترە بۆ نەکردنیان بـــە گۆرانی لەلایـــەن هونەرمەندانەوە، لە هەمان کاتیشدا شـــاعیرانی ئێستا بەشێوەیەکی سەردەمیانە دەنووسن، بۆ نموونە شیعری سەربەست دەنووسن ئەمەش رێگرە لەبەردەم گۆرانیبێژەکان بۆ ئـــەوەی بیکەن بە گۆرانی، چونکە بەلای کەمەوە شـــیعری گۆرانی پێویســـتە وەزن و قافیەی تێدا هەبێت.

کەژاڵ ئادەمی کە بەر لە گۆرانی وتن شـــاعیر بووە، لە وەڵامی ئەم پرســـیارەدا دەڵێ: شـــیعری ئافرەتانە شیعرێکە باس لە ئەوین و ئازار و خەون و ئاوات و هەســـتی ئافرەت دەکات. دیارە لە ناو ئەم هەستە ئافرەتانەدا، هەست بۆ ڕەگەزی بەرانبەریش بوونی هەیـــە. گەر گوزەرێک بـــە ناو مێژووی شـــیعری ئافرەتانـــدا بکەین، دەبینین شـــێوازی دەربڕینەکان بەپێی دۆخی هەر زەمەن و دەورانێک جیـــاواز بووە. لە ســـەردەمی ئەمڕۆدا کە باس لە مافی بەرانبەری ئافرەت و پیاو دەکرێت و بیروبڕوا و خەباتی یەکسانیخوازی ئافرەتان لە کوردستاندا تا ڕادەیـــەک هەنگاوی بەرەوپێش نـــاوە، بووەتە ڕێگا خۆشکەری سەرهەڵدانی بوێرییەکی نوێ لە ئەدەبیاتی ئافرەتاندا. هەروا کە جوانی جەســـتەی ئافرەت لە شـــیعری پیاواندا تەوســـیف دەکرێت، جوانـــی جەســـتەی پیاویش دەکرێت لە شـــیعری خاتوونێکدا تەوســـیف بکرێت. بەڵام تەنیا جەستە نوێنـــەری هەموو جوانییەکانـــی مرۆڤێک نییە. پێکهاتەی جوانی جەســـتە و دەروونە کە مرۆڤ جوان دەکەن. من وەک ئافرەتێک کە هەوڵم داوە قەڵەمی شیعرم ئاوێتەی هەستی ئافرەتانەی خۆم بکەم، وەســـفی پیاو لە شیعرەکانمدا بوونی هەیە. تیشـــکم تەنیا لەسەر جەســـتە نییە بەڵکو باس لە جوانییـــە دەروونییەکانی پیاویش دەکەم. باســـی وەفـــا و پیاوەتی و پاکی پیاو، باســـی پیاو وەک ســـومبولی ئیش و شـــۆڕش و هەوڵ و یارمەتی و ماندوونەناســـی، باســـی پیاو وەک کۆڵەکە و پشتیوان و پشـــت و پەنایەکی ئۆقرەبەخش، باسی چـــاوی پڕ وتـــەی و ئەســـرینە شـــاراوەکانی و دڵتەنگییەکانی، باسی ناســـکی هەستی پیاو و زۆر جوانی دیکە کـــە مرۆڤانەیە. من پیاو پێش لـــەوەی وەک ڕەگەزێک ببینم وەک مرۆڤێک دەبینم کە سارێژە لە جوانی و هونەر و داهێنان.

بەهار حوسەینی شاعیر پێیوایە زۆربەی ئافرەتان لایەنـــی رۆحیان لا گرنگ تـــرە رۆحێکی خاوێن وبێگەرد زیاتر ســـەرنجی ئافرەت رادەکێشی هەتا لایەنێکـــی زاهیری. بەهار خـــان، هەروەها دەڵێ: ئەم قســـەش بە پشت بەستن بە زۆربەی ئەو دەقانە ئەڵێم کە بەرهەمی ئافرەتانی قەلەم بەدەستن، بەڵام نکۆڵیش لەوە ناکرێت کە ئافرەتیش رووی دەرەوەی پیاوی بەلایەوە گرنگە، بـــەڵام زۆر جار پەروەردە و عادات وتەقالیدی کوردەواری نەریتەکان رێگە بەئافرەت نـــادەن راشـــکاوانە وەک ناخی خۆیان دەربڕن، بەڵام دیســـانەوەش جەخت لەســـەر ئەوە دەکەمـــەوە کە زۆربەی ئافرەتـــان زیاتر گرنگی بەلایەنی دەروونی پیاو دەدەن.

**هەر سەبارەت بەم بابەتە شەیدا مەعروفی شاعیر دەڵێ:** بەڵێ وەك دەزانرێت هێندەی تێکستی پیاون دەکرێتـــە گۆرانی ودەبێتە جێژوانـــی گۆرانیبێژان هێنـــدەی تێکســـتی ئافرەتێك نییـــە وا بوترێتەوە ئەمـــەش، لەبەر ئەوەی پیـــاوان زیاتر پیاهەڵدانیان هەیە بۆ جوانی وروخساری ئافرەتان هێندە ئافرەتان نەیاتوانیوە ئەو پیاهەڵدانانەیان هەبێت بۆکەســـانی بەرامبەریان .

دەکرێت شیعری زۆرجوان وشیاو هەبێت بۆ کردنی بە گۆرانی بۆیە لەوانەشـــە ئەو جوانیەی کە باس دەکرێت منێك و ئەوێکـــی ئافرەت دایڕێژین،بەڵام ئایـــا بۆناکرێتە گۆرانی ئەمـــەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی کە گۆرانی ئەڵێن یان بڵێین گۆرانیبێژەوە زۆریش شـــیاو بێت ئایا کێ ئامادەیە ئەو شیعرەی کە ئافرەتێك دەینووســـێتەوە بیکاتە گۆرانی،کاتێك ئافرەتێك تێکســـتێك دەنوســـێت بێگومان ئەو باس لەناخـــی خۆی و ئەوانی وەك ئـــەون دەکات بۆیە لەوانەیـــە وتنی ئەم تێکســـتانە کەمێك قورس بێت بۆ وتن ...

بەڕای من هێندەی ئافرەتان دەتوانن شتە جوانەکان بەرجەســـتە بکەن هێندە پیـــاو ناتوانێت ئەو ئەرکە بکێشێت و بێت باس لە جوانی ئافرەت بکات.

**ژیوان ژاژڵەیی شـــاعیریش دەڵـــێ:** زۆر کەس دەڵێن هەر شـــیعرێك بکرێتە گۆرانی شیعر نییە، من پێموایە ئەم بۆچوونە هەڵەیە، چونکە دەبینین شـــیعری زۆر بـــەرز کراوەتە گۆرانـــی، بەڵام لە ئافرەتەکاندا شـــاعیرێکمان نییە کە خۆی تەرخان بکات تەنیا بۆ شـــیعری گۆرانی، ئەگەرچی لەو سەردەمەدا دەبینین بواری موزیك زۆر پێشکەوتووە و ئاوازدانـــەری زۆر بە توانامان هەیە کە دەتوانێت ئاواز بۆ هەموو شـــیعرێك دابنێت، چونکە هەموو شیعرێك ئیقاعێکی تایبەت بە خۆی هەیە و دەکرێت بە گۆرانی، بەڵام پێویستی بە ئاوازدانەرێکی باش هەیە کە چۆن بتوانێت ئاواز و ریتمی ئەو شـــیعرە بدۆزێتەوە، لەلایەکی دیکەو کەمتر ئەوشـــیعرانەی جۆرئەتیـــان تێدایە دەکرێنە گۆرانی، بەڵام بیرمان نەچێت هەندێك شیعر هەن ناچنە خانەی شیعرەوە و مانای شـــیعرەکە دەشـــێوێنێت، بۆ نموونە بەکار بردنی هەندێك وشـــەی رووت واتە داتاشـــراو لە کۆمەڵێك شـــت، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر ئێمەش شـــاعیر بکەوینە ئـــەو هەڵەیەوە کە پێمان وایە بەکاربردنی هەندێك وشـــەی رووت ئازایی و جەســـووری ئێمەیە، دەتوانین دەقێکی رۆمانسی و زۆر جوان دەربڕین بێ ئەوەی بەو شـــێوەیە رووتی بکەینەوە کە لەلای بیســـەر بێتام بێت، من دەڵێم با ئافرەتان ئازا و بە جورئەت بن، بەڵام نەکەوینە ئەو هەڵەیەوە کە تەنیا ئازایەتی لە بەکارهێنانی هەندێك وشەیە کە هەندێك جار ئابروو بردنی شیعرە.

**گوڵنار عەلی شـــاعیر لە شاری دهۆك ئەویش بەم شـــێوەیە وەڵامی ئەم پرســـیارەی دایەوە:** من پێموایـــە ئافرەت هەنگاوی زۆری بڕیوە لە بواری شـــیعر، پێشتر ئافرەت شـــیعری نەنووسیوە کە بە ئازادانە هەستەکانی خۆی دەربڕێت، بەڵام ئێستا هەرچییەکی بیەوێ لە شـــیعردا باســـی دەکات، رەنگە لە بـــارەی گۆرانییەوە تـــا راددەیەك وەك پێویســـت نەبێت یان گۆرانیبێژان داوای تێکستی ئافرەتـــان ناکەن بۆ ئەوەی بیکەن بە گۆرانی، لەو بڕوایەدام کە لە داهاتوودا لەم بوارەش دەســـتێکی باڵاتریـــان دەبێت، لەلایەکی دیکەوە ئێســـتا ئاواز لە ئاســـتی تێکســـتدا نییە تەنانەت بۆ تێکستی پیاوانیـــش بەتایبەتی بۆ شـــیعری ئازاد، چونکە هەموو ئاوازدانەرێك ئـــەو توانایەی نییە ئاواز بۆ شیعرێکی ئازاد دابنێت جا تێکستی پیاوان بێت یان تێکستی ئافرەت.



## نیان: م

خانمه هونەرمەند نیان عەبدوڵا پێیوایه پێویسته ئاستی رۆشنبیری هونەرمەند بەرز بێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت له کارەکەی، چونکه هونەرمەند پێوەندی راستەوخۆی به جەماوەرە هەیه.

(نیان عەبدوڵلا) له شاری سلێمانی لەدایکبووە، دەرچووی دواناوەندی بازرگانی کچانه، لەساڵی ١٩٩٤ـەوە چۆته ناو دنیای هونەر و یەکەم

## گاگا کەلوپەلەکانی مایکل جاکسۆن دەکرێت

له مەزادێکی ئاشکرادا کە لە خانەی لۆس ئەنجلۆس بۆ مەزاد ئەنجامدرا، کچه گۆرانیبێژی ئەمریکی گاگا چەند پارچەیەکی ئەستێرەی کۆچ کردووی پۆپ مایکڵ جاکسۆن کڕی.

لەم مەزادە کە کۆی گشتی داهاتەکانی گەیشتە پێنج ملیۆن دۆلار، لەیدی گاگا نزیکەی ٥٥ پارچەی کڕی و گوتی: ئەم پارچە کەلوپەلانەی مایکڵ جاکسۆن زۆر بە باشی هەڵدەگرم و ئەرشیفیان دەکەم وەك رێز و خۆشەویستییەك بۆ گیانی جاکسۆن لەهەمان کاتدا رێز گرتنه له عاشقان و هەوادارانی دەنگ وهونەری جاکسۆن، هەر لەم مەزادەدا ئەو چاکەتەی که جاکسۆن له گەشتی گۆرانی (باد) بەکاری هێنا به بڕی (٢٤٠) هەزار دۆلار فرۆشرا، هەروەها دەستەوانەکانی که به ئەڵماس نەخشێنرا بوون هەر یەکیان به زیاتر له (١٠٠) هەزار دۆلار فرۆشران.





## ریهانا خانووەکی به ١٢ ملیۆن دۆلار کڕی

بەپێی هەواڵێکی ماڵپەری (تۆلیا)ی ئەمریکی کچه گۆرانیبێژی ئەمریکی ریهانا خانووەکی نوێی له نیویۆرك کڕیوە که نرخەکەی ١٢ ملیۆن دۆلارە.


هەمان سەرچاوە خانووە نوێیەکەی ریهانا دەکەوێته خۆشترین ناوچەی نیویۆرك که بە(باسیفیك بالیسایدز) ناسراوە و نرخەکەی ١٢ ملیۆن دۆلارە، ئەم خانووە پێکهاتووە له حەوت ژووری نوستن و نۆ ژووری خۆشتن و مەلەوانگەیەکی گەورە و ناوچەیەکی فراوانیش بۆ راگرتنی ئۆتۆمبیلەکانی.

هەر سەبارەت بەم خانووە ریهانا له پەیجی تایبەتی خۆی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر رایگەیاند: رۆژانه زۆر زوو له خەو هەڵدەستم و سەیری مەلەوانگەکە دەکەم و دەڵێم: تۆ بڵێی ئەمە ژیانی راستەقینەی من بێت؟.

# ـــــــن خۆم زیاتر گوێ بەدەنگی ئەو کەسە دەدەم نەک بەجوانی

گۆرانی لەساڵی ١٩٩٦ بـۆ تەلەفزیۆنی خاك بەناوی «جێم مەهێڵـە» دەڵێ: بواری هونەری پێویسـتی بەوە هەیە هونەرمەند خاوەن ئاستێکی رۆشنبیری باش بێت لە هەمان کاتدا بونیادێکی هونەری باشـی هەبێت، نەك بیەوێ لە ناکاو و بە چەند هەنگاوێکـی زووەوە بێتە نێو مەیدانی هونەر و دەسـت بکات بـە کاری هونەری، زۆر کەس هەن کە من یەکێکم لەوانە کە بیانەوێ بێنە نێو مەیدانی هونەرییەوە بناغەیەکی هونەری بۆ خۆیان دروست دەکەن، بۆ ئافرەتی هونەرمەندیش پاشـخانی رۆشـنبیری زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ئامادە بێت ئەگەر رووبەڕووی هەر پرسـیارێکی هونەری ببێتەوە بتوانێـت بە بڕوا بە خۆ بوونەوە وەڵامیان بداتەوە.

سـەبارەت بە جوانـی و روخسـاری ئافرەتە هونەرمەندەکانیش نیان دەڵێ: بێگومان جوانیش تـا رادەیەك پێویسـتە، بەڵام من خـۆم زیاتر گرنگـی بە دەنـگ دەدەم تـا جوانییەکەی، بەشـێوەیەکی گشتی لای من جوانی لە دوای رۆشـنبیری و دەنگخۆشـییەوە دێت کە زۆر گرنگن بۆ هونەرمەند.



## گەشتەکەی لە پێناو سەگەکەی دواخست

زۆر لـە هونەرمەنـد و نـاوداران خۆشەویسـتییەکی بێ سـنووریان هەیە بۆ ئاژەڵەکانیـان و ئامـادەن هەموو شـتێك لە پێنـاو ئاژەڵەکانیاندا بکەن تەنانەت ئەگەر بڕە پارەیەکی زۆریش لەپێناویاندا خەرج بکەن.

فیونـا ئەبڵ یەکێکە لـەو گۆرانیبێژانەی کـە سـەگە بچووکەکەی زۆر خۆشـدەوێت و بەمدواییـە لەسـەر تـۆڕی ئەنتەرنێـت رایگەیاند کە چەندین گەشـتی هونەری دەرەوەی دواخسـتووە بۆ ئەوەی لەگەڵ سەگە نەخۆشـەکەی بمێنێتەوە، لەو گەشـتانەی کە دوایخستن بۆ هەر یەکـە لە بەرازیل و مەکسـیك و ئەرژەنتین بوون.

فیۆنا لـەم بارەیـەوە وتی: سـەگەکەم تووشـی نەخۆشی شێرپەنجە بوو لەوکاتەی دەبوایە مـن ئاهەنـگ بگێـڕم، بۆیە بڕیارمـدا لـە دوا رۆژەکانی ژیانی لەگەڵیـدا بمێنمەوە، چونکە ئـەو بۆ من هەموو شتێك بوو، بۆ من ئازیزترین هاوڕێ و دایك و خوشك بوو، ئەو فێرە خۆشەویستی کردم، من هیچ کاتێـك ئامادە نیم کاری خۆم لە خۆشەویستی و هاوڕێیەتی خۆشتر بوێت.

## میگان فۆکس هەڕەشە لە هاوسەرەکەی دەکات

خانمـە ئەکتەری ئەمریکی میـگان فۆکس رایگەیاند کە پێویسـتی بە ئافرەتێـك هەیە بۆ ئەوەی یارمەتیی بدات لـە پەروەردە کردنی منداڵەکەی و نەبێتە هۆی نانەوەی گیروگرفت لەگەڵ مێردەکەی و جیابوونەوەیان.

ئەم قسانەی میگان وەك هەڕەشەیەك وابوو بۆ هاوسەرەکەی، چونکە میگان بە ئاشکرا بە هاوسـەرەکەی راگەیاندووە یان دەبێ ئافرەتێك منداڵەکەمـان پەروەردە بکات یان دەبێ جیابینەوە، چونکە ئەگەر بەم شـێوەیە بەردەوام بیـن لەبەر ماندوو بوون و نەخەوتن رەنگە یەکتر بکوژین، میگان ئەوەشـی راگەیاند کە بە هیچ شێوەیەك پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە دەسـتکەوتنی منداڵێـك ئەوەندە زەحمەت بێت، لە هەمـان کاتدا پەروەردە کردنی منداڵیش زۆر زەحمەتترە لە دەستکەوتنی.

شـایەنی گوتنە دوایین کاری هونەری میگان بریتی بوو لە زنجیرەی (Wedding Band)، هەروەها هەموو چالاکییە هونەرییەکانـی خۆی راگرتبوو بە هۆی سکپڕییەوە.






### ئەو ساتانەی ناسرێنەوە

# (شۆڕشی مان یان نەمان)

ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت



چەپڵە رێزان و کەف و کوڵی شۆڕشی (١٤)ی گەلاوێژ هێندە بڕی نەکردو، کارەکە ئاڵۆزبوو، کورد چەکی لەشان کرد و پێشمەرگە لە سای شۆڕشی ئەیلوولدا لەدایك بوو، هێرشی سوپای عێراق و چەتە چڵکنە(ئەو ناوە تایبەتی خیانەتکارانی جاران بوو) لە زەوی و ئاسمانەوە دەستی پێکرد، هەستی شۆڕش و کوردایەتیمان سەری هەڵدا، پەیوەندیمان کرد بە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە و یەکێتی قوتابیانی کوردستان، جگە لەوەی حەفتانە، یان مانگی دووجار کۆبوونەوەمان دەکرد، ببووینە چاو و گوێی شۆڕش لەناو شاردا، سەرەتا هەمووان بەبێ سڵ کاریان دەکرد، ئەو دەمە پێشمەرگە بێ ترس دەهاتە ناو شارەوە و هاتوچۆی دەکرد و، پەیتاپەیتا کۆمەك، چ بە جلوبەرگ و پەتۆ یان خۆراك بۆ دەرەوە دەنێرا، حکوومەت نەیدەهێشت کیلۆیەك شەکر و چا بگاتە دەرێ، ئابلۆقەیەکی چڕی بە دەوری شارا تەنیبوو، بەتایبەت لە هاتنی گورگی دووپێی ترسنۆك( زەعیم سدیق مستەفا) کە بە گوند و حاسڵات سووتاندنەوە نەدەوەستا، بەڵکو مزگەوت و مەلا و

ژن و منداڵ و خەڵكی بێ چەكی دەكوشت و ماڵ و مەڕ و ماڵاتی تاڵان دەكرد.

ســاڵێكیان ئەم (زەعیم سدیق)ە، بە یەك تیپ (فرقە) سەربازەوە بە هەمەجۆر تانك و زرێ پۆش و بە هەمەجۆر فڕۆكەی جەنگی رووســییەوە و چی تۆپ هەیە، پەلاماری شــاخی ئەزمەڕی ژووررووی سلێمانی دا، ئەرز و ئاســمانی كردبــووە جەهەنەم، لە كاتێكدا تەنیا یانزە پێشــمەرگەی پێوەبوو بەچەند تفەنگێكی شەق و شڕ و فیشەكی چرووكەوە، بــەڵام چونكە بڕوایان پۆڵایین بوو، بۆیە هێندەی ســەد تیپی ئەوان بەهێز بوو، چیای ســەختی سەركەشــی ئەزمڕ بووبوو، بــە دوانزە چیای لە ئەزمڕ باڵاتر، بۆیە شەوان ســوپاكەی عێراق پاشەكشێی لێدەكرد و منداڵانی شــارەكەش، بەتایبەتی منداڵانــی مەڵكەندی بە لاقرتێ و گاڵتە پێكردنــەوە، گۆرانی (ئەزمڕ ئەزمڕ)یان بۆ دەوتنەوە، ئەم هێرشــە هەتــا هەفتەیەكی خایاند و هەر نەگەیشــتنە ســەر ئەزمڕ و منداڵە وردكەش بەزمەكەی خۆیان دەگێڕا و گاڵتەیان بــە تەقە لێكردنەكانیان دەكرد، ناچار ئەو رقەیان بەخەڵكی دەڕشت...

یەكێ لەو پێشمەرگانە خاڵۆزایەكی من بوو، شەهید(نەوزادی عەلی ئاغا)گێڕایەوە و وتی: پاش ئەوەی ســوپاكە هیوابڕ بوو، ئێمە ســەنگارەكانمان چۆڵ كردبوو، بەڵام ترسێكی وا لە زەعیم و سوپاكەی نیشتبوو تــا مانگێكیش نەیان دەوێــرا روو لەو ناوە بكەنەوە، رقیان لە خۆریش دەبوویەوە، چونكە لەسەر ئەو كەل و دۆندەوە گزنگی دەدا، بۆ مێژووش دەبێ ئەوە بە نەوەكانمان بڵێین: لەو رۆژەوە سوپای عێراق دامەزراوە، لە یەكەم پێكهاتەیــەوە كە فەوجی ئیمام موســای كازم بوو، لە شــەڕی (بازیان)دا بەرامبەر شێخی نەمر بەكارهێنراوە، پاشانیش لەگەڵ دەستپێكردنی شۆڕشی بەرزان كاری لێدانی كوردبووە و ســەراپای مێژووە رەشــەكەی بریتی بووە لە كورد كوشــتن و كوردستان وێرانكردن.

یەكێ لەو بیرەوەریانەی ئەو ســاڵانەی خوێندنمان، ئەوە بوو واژووی مامۆستایانیان بۆ پشــتگیری كردن لــە وێرانكارییەكانی حكوومەت كۆدەكردەوە، مامۆســتایەكانیان بانگ كــردە ژووری بەڕێوەبەر، بۆ ئەوەی ئەو كارەیــان پێ بكەن، تاوێكــی نەبرد، مامۆستایەكمان هەبوو، عەرەب بوو، شاعیر بــوو، لە هاوڕێیانی حیزبی شــوعی بوو، پیاوێكی كورتە باڵای ســمێڵ گەورەی، خاڵێكی كوتــراو بە رووخســارییەوە بوو، زۆرجار لە گۆڤاری (ئەلئەدیب) و(فسوڵ الاربعە) شیعر و نووســینم دەخوێندەوە، بە شــپرزەیی و گرژی و توڕەیی هاتە دەرەوە، بەعەرەبــی دەینەڕانــد دەیگــوت ئەگەر بشــمكوژن چۆن پشــتگیری لە شەڕی كوردكوژی و كوردستان وێرانكردن دەكەم. ئێمەش ئــەو دەمە كە ئەندامی شــانەی ســەرەكی پارتــی بوویــن قوتابییەكانمان هاندا، بیكەنە چەپڵەڕێزان بووی و بابژی، بەڕاستی پاڵەوانێكمان بینی، بەژنی بەسەر كوردســتاندا دەیڕوانی، ئیــدی بردیان و تا ســاڵانێكی دووردرێــژ نەمانبینییەوە، بەڵام هەمیشــە لە زەینمانــدا ئامادەبوو، بە مامۆســتا ئازاكەش ناومــان دەبرد...

لە تەمەنــی هەرزەكارییــەوە خولیایەكی بێ ئامانــی ئەدەب لە كەللــەی دابووم، لە خوێندنەوەی شــیعرەوە، زۆر بەخەستی ئــارەزووی خوێندنەوەی رۆمانم دەكرد، ئەو دەمە هێشــتا وەكوو لە ئەدەبیاتی كوردیدا جێگای خۆی نەكردبوویەوە، ئەوە لە یادمە، خزمێكمان دوو سەفتە رۆمانی (پێشمەرگە)ی (رەحیمی قازی) هێنایە ماڵمان و، لەپڕا قەدەغەكردنی هاتوچۆ جــاڕدرا و، ئیدی كەوتنە گیانی خەڵكەكە و نزیكەی دووسەد كوردیان كردە قوربانی، خەڵكەكە شپرزەبوون بۆ حەشــاردان و شاردنەوەی كتێب و چەك و هەمــوو ئەو شــتانەی حكوومەت لێی دەســڵەمیەوە ئاوی گەرماوی جەهەنەمی پــێ داخــرا و گەرمكرا، بۆیــە ئێمەش بەر لەگشت شــتێ چاڵێكمان هەڵكەند و كتێبەكانمانی لە ناو مشەمایەك ناو گڵمان كرد بەســەرا، هەتا ئەو دانووســانەی كرا، لەگەڵ هەڵدانەوەی تەرمــی بەختبووانی كوردســتاندا لە دەیان ماڵی شار هەرچۆن (حســین عارف) واتەنی: چاڵی جەرگی پیرێژنــی، چاڵەكانــی زیندەبەچاڵكردنی كتێبیش ســەری هەڵدا و كتێبەكانی ماڵی ئێمەش بە كتێبی (پێشــمەرگە)وە شــێی زەوی زەفــەری پێ بردبوو، ئەوانیش بوونە قوربانی...

**لە كاتێكدا تەنیا یانزە پێشمەرگە بە ئەزمەڕەوە بەچەند تفەنگێكی شەق و شڕ و فیشەكی چرووكەوە، بەڵام چونكە بڕوایان پۆڵایین بوو، بۆیە هێندەی سەد تیپی سەربازی بەهێز بوون، چیای سەختی سەركەشی ئەزمڕ بووبوو، بە دوانزە چیای لە ئەزمڕ باڵاتر**

لەســەرو ئەمانە شــەوە، لە هەمووی سەیرتر، ئەوا هاتووچۆ قەدەغەیە و، نەك مرۆڤ پشــیلەی پشیلە ئاسا دەركەوتایە دەسبەجێ دەستڕێژیان لێدەكرد، لە دەرگا درا، وامانزانــی ســەربازەكانە، تومەس ژنێكی ناســیاوبوو، خێراخــۆی فڕێدایە حەوشــەكەوە و ئامێرێكــی (تایپ)ی گــەورەی لەبن هەنگڵی لــە ژێر(عەبا) كەیدا دانابوو، وتــی: بەقوربانە ئەمە با لەماڵەكەتاندابێ، دایكم پێی گوت: باشە مێردەكەت پارێزەرە، ئاساییە لەماڵتاندابێ، بەڵام ئێمە بڵێین چی، جگە لەوەی تۆ چون چۆنی بــەم رۆژە وێراوتە بەم(مەتبعەیە) وە بێیتە دەرێ، كەواتە لەوەش مەترســە و بیبەرەوە.

**هێشتا وەكوو لە ئەدەبیاتی كوردیدا جێگای خۆی نەكردبوویەوە، ئەوە لە یادمە، خزمێكمان دوو سەفتە رۆمانی(پێشمەرگە)ی (رەحیمی قازی) هێنایە ماڵمان و، لەپڕا قەدەغەكردنی هاتوچۆ جاڕدرا و، ئیدی كەوتنە گیانی خەڵكەكە و نزیكەی دووسەد كوردیان كردە قوربانی، خەڵكەكە شپرزەبوون بۆ حەشاردان و شاردنەوەی كتێب و چەك و هەموو ئەو شتانەی حكوومەت لێی دەسڵەمیەوە**

